# پەیڤ*

## پێوانە و پێناسەکانی نیشتیمانپەروەری و خیانەت

**ڤینۆس فایەق**

دەمێکە حەز دەکەم دەربارەی مەسەلەی دیاردەی دۆزینەوەی فایلەکانی خیانەتکارەکان یان (نیشتیمانپەروەرە خائینەکان) یان (نیشتیمانپەروەرە فایلدارەکان) یان (خائینە نیشتیمانپەروەرەکان) بدوێم ، بەڕاستی نازانم چیان ناونێم ، من بۆ خۆم هەتا ئێستاش ناتوانم لەیەک کاتدا بە یەک قەڵەم دوو پێناسە بۆ هەردوو زاراوەی نیشتیمان پەروەری و خیانەت داڕێژم و بە یەک پێوانە بیانپێوم ، لە کاتێکدا نیشتیمانپەروەری و خۆشەویستی نیشتیمان جیهانێکە و خیانەتی نیشتیمانی جیهانێکی ئێجگار جیاواز ..

ئەزانم هیچ بەهانەیەک نابینم ئەو دوو مانایە تێکەڵ بەیەک بکەم و پێکەوە بە یەک پێناسە گرێیاندەم ، بەلاَم ئەوەی وای لێکردووم بکەومە ئەو گێژاوەوە ئەو کەسانەن کە ڕۆژانێک بە هەموو پێوانەکانی نیشتیمانپەروەری پاڵەوانی گۆڕەپانی جەنگاوەری و بەجەرگی و ئازایەتی و هەموو ئەو زاراوانەی ئێستا کەوتوومەتە گومانەوە لێیان بوون ، ئەمەوێت بزانم من هەڵەم یان ئەوان هەڵەن؟؟ ئەمەوێ بزانم پێوانەکانی من خواروخێچن یان پێوانەکانی ئەوان؟؟ ئەمەوێ بزانم ئەوان پێناسەی نیشتیمانپەروەریان چۆن ئەکرد ئەو کاتەی بە پاتەیەکی دڕاوەوە بە شاخەکانی کوردستانەوە دڵی ڕژێمێکی خوێنڕێژی وەکوو دسەددامیان ئەلەرزاند و وەکوو زریپۆش خۆیان ئەکرد بە دڵی جەلادەکاندا ، کەچی بە هەمان پاتەی لاستیکەوە خیانەتی گەورەیان لەوڵات کردووە؟؟ هەر بەو پاتەیەشەوە لەبەرەیەکدا خۆیان داوە بەکوشت و لەبەرەیەکی نهێنیشدا سەرقاڵی نیشتیمان فرۆشتن بوون و دڵداریان لەگەڵ داگیرکەر و تاونبارەکانی ئەنفال و گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا کردووە .

ئەوەی لە هەموو وانەکانی نیشتیمانپەروەری فێری بووم ئەوەیە کەوا ، خیانەت و خەباتی ژێرزەمینی هەرگیز لە یەک خانەدا جێگایان نابێتەوە و هەرگیزا و هەرگیز دوولای تەرازوویەک پێکناهێنن بەیەکسانی ... ئادەمیزادێک ناتوانێت لەیەک کاتدا نیشتیمانپەروەریش بێت و خائینیش بێت و بڵێت خیانەتم بە سوودی نیشتیمان کردووە ، دواجاریش بڵێت داوای لێبوردن دەکەم نەمزانی ... ئادەمیزادێک ئەگەر نیشتیمانپەروەر بێت هەمیشە و هەرگیز دژی خیانەت و خیانەتکارانە ، و خائنیش بە هەمان شێوە ناتوانێت نیشتیمانپەروەری خۆش بوێت ، کەواتە یەک ئادەمیزاد ناتوانێت بە پێی هیچ بنەمایەکی زانستی و سایکۆلۆجی و سیاسی لەیەک کاتدا خائینیش بێت و نیشتیمان پەروەر بێت ، ئەوە شتێکە ڕەنگی خۆڵەمێشی قوبووڵ ناکات ، یان ڕەش یان سپی ، یان نیشتیمانپەروەر یان خائین ..

تۆ کە نیشتیمانپەروەر بیت دەبێت بجەنگێیت لە دژی دیکتاتۆر و تاوانبارانی جەنگ ، نەک دەستخەیتە ناو دەستیان و خاتریان بگریت ، چونکە پەیوەندی نێوان نیشتیمانپەروەر و خائین موساوەمە قبووڵ ناکات ، ئیدی من تێناگەم ئەو کاتەی کورد قڕ دەکرا و ئەنفال دەکرا و کیمیاپرژێن دەکرا و بە کۆمەڵ دەنێژرا ، چۆن کوردێک لەسەر رووی زەمین هەبووبێت توانیبێتی نامەیەک ، تەنها نامەیەکی سۆزداری ئاراستەی جەلادێک لە جەلادەکانی بە نهێنی کردبێت؟؟ دەبێت ئەو کاتە بیری لە چی کردبێتەوە؟؟ و چۆن روانیبێتە ئەو ڕۆژەی لە دادگای میللەتدا ڕائەوەستێ و ئایا وەڵامی سەرتاپای میللەتێک چۆن ئەداتەوە؟؟ ..

بەباوەڕی من ئەگەر بەعسیە عەفلەقیەکان یەکجار دادگا بکرێن و یەکجار لە سێدارە بدرێن ، ئەبێت ئەوانە دووجار دادگایی بکرێن و دوو جار لە سێدارە بدرێن ، چونکە ئەگەر عەفلەقیەکان کوردیان کوشتبێت بەهانەیان هەبووە ، ئەویش ئەوەیە ئەوان خۆیان عەفلەقی و فاشیست و خوێنرێژ و دوژمنی کورد بوون ، بەڵام کوردێک دەستی خستبێتە ناو دەستی ئەوانەوە و دڵسۆزی بۆ نوانبن داخوا ئەوان بەهانەیان چیبووە؟؟ ئەمەویٚ هەر لێرەشەوە خانەیەک بدۆزمەوە ئەو ناوانەی لە ژێردا ریزبەندکەم کە لە ژیانی سیاسیاندا سوودیان لە هەردوو مانای نیشتیمانپەروەری و خیانەت وەرگرتووە و بگەمە ئەو ئاکامەی داخۆ چ فەلسەفەیەک لەپشت ئەو بیردۆزەوە ئەوەستیٚ کە ئەوان بۆی تێکۆشاون و بەرجەستەیان کردووە؟؟ لەوەش گرنگتر ئەوەیە هیچ کات ناتوانم بیر لەوە بکەمەوە چۆن ئادەمیزادێک ئەتوانێت تا سەرئێسقان نیشتیمان پەروەر بێت و بەهەمان تواناو هێزیش خائین بێت ، کە نیشتیمانپەروەر بوویت ناتوانیت خائین بیت ، کە خائینیش بوویت هەرگیز پێت ناکریٚ نیشتیمانپەروەر بیت ، ئەمە وەک دوو جەمسەری موگناتیزێک وایە کە هەرگیز ناتوانریٚ بنرێن بەیەکەوە مەگەر موعجیزەیەک ئەوە بهێنێتە دی ، ئەو موعجیزەیەش تەنها خیانەتە و سزای خیانەتیش تەنها مردنە..

---

*پەیڤ ، ناوی گۆشەیەکی تایبەتی نووسەرە ، هەفتانە لە رۆژنامەی (پەیامی-کورد) لە ئەڵمانیا بە زاراوەی سۆرانی تیا دەنووسێت ، رۆژنامەکە بە سیٚ زاراوەی کوردی (سۆرانی ، کرمانجی ژوروو ، زازاکی) چاپ دەبێت و لە کوردستان و لە ئەوروپا بڵاودەبێتەوە..